سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

پشت بەحوکمەکانی ماددە (٧) لە یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٩ ، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤١)ی رۆژی ٢٠٠٤/٧/٢٦ بڕیاریدا بە دەرکردنی ئەم سیستەمەی خوارەوە:

سیستەمی ئاڵای کوردستان
ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٤

ماددەی یەکەم: پێوانەی ئاڵای کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:
پێوانەی ئاڵای گەورە بەم پێوانەیەی خوارەوە دەبێت:

أ–١٢٠ سم × ١٨٠ سم .

ب–١٠٠ سم × ١٥٠ سم .

ج–٦٠ سم × ٩٠ سم .

بەڵام پێوانەی ئاڵای بچوك لە هەر پێوانەیەك بێت بەهەمان شێوەی بڕگەی (١) یەك دەبێت.

ماددەی دووەم: ئاڵای کوردستان رۆژانە لەسەر ئەم باڵەخانانەی خوارەوە هەڵدەدرێت:

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەموو وەزارەتەکان.
- پارێزگاکان، قائمقامیەتەکان، ناحیەکان.
- سەرجەم بارەگاو یەکەسەربازییە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان.
- ئەو بنکە پۆلیسیانەی کە دەکەونە دەرەوەی یەکە ئیدارییەکان و یان ناوچە سنووریەکان کە لە لایەن وەزیری ناوخۆ دیاری دەکرێن.

ماددەی سێیەم: ئاڵای کوردستان لەسەر ئەم باڵەخانە حکومیانەی کە لە مادەی (٢) دا باسی لێوە نەکراوە لەو بۆنەو یادەوەریانەی خوارەوە هەڵدەدرێت:

١–هەموو رۆژانی پشووی رەسمی.

٢–هەموو ئەو بۆنەو یادەوەرییە نیشتمانییە گرنگانەی کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران بە پشووی رەسمی دادەنرێن.

٣–دەکرێت رۆژانی پێنجشەممە لە گۆڕەپانی قوتابخانەکاندا رێوڕەسمی هەڵدانی ئاڵای کوردستان (سڵاوی ئاڵا ـ تحیة العلم) لەگەڵ سروودی نیشتمانی بەڕێوە بچێت.

٤–هەر بۆنەو شوێنێکی تری تایبەتی کە لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری دەکرێت.

ماددەی چوارەم: ئاڵای کوردستان تاکو پشتێندی ستوون هەڵدەدرێت، لەو کاتانەی خوارەوەدا:

١–لە رووداني هەر کارەساتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی.

٢–لەکاتی رێو رەسمی بەخاك سپاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

٣–لەکاتی رێورەسمی بەخاك سپاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی و، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

٤–لە هەر حاڵەتێکی تر، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە رۆژی ماتەمینی گشتی دادەنرێت.

ماددەی پێنجەم: دەسەڵاتی مۆڵەتدان بە چاپکردن و دروستکردنی ئاڵای کوردستان، یان بازرگانی پێکردنی بەهەموو جۆرو شێوەکانی ئاڵا لە پەڕۆو کاغەزو هەر کانزایەك بێت، دەدرێت بە وەزیری رۆشنبیری، کە بە پێی رێنمایی تایبەت رێوشوێنەکانی دیاری دەکات، بەشێوەیەك کە لەگەڵ یاسای ئاڵای کوردستان و ئەم سیستەمە بگونجێت.

ماددەی شەشەم: لەسەر وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەم سیستەمە جێبەجێ بکەن.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ماددەی حەوتەم: ئەم سیستەمە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقائعی کوردستان)دا کاری پێ دەکرێت.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com